# دوو قسە لەسەر دیمانەکەی" مەسعود بەرزانی"

هیدایەت مەلا عەلی

سەتەلایتی کوردوستان دیمانەیەکی تایبەتی لە گەڵ" مەسعود بەرزانی" سازداو هەمان دیمانە لە خەباتی ژمارە"1740"ی ڕۆژی 05/3/18

بڵاو کرایەوە . ئاشکرایە سەرجەم دیمانە وچاوپێکەوتنەکانی ئەم ماوەیەی سەرکردایەتی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد لەسەر تەوافق ,دابەش کردنی دەسەلات , پۆستە سیادیەکان , وەزارەت , ڕێژەی بودجە , هەڵبژاردن و چەندین بابەتی ترچڕ بۆتەوەو لەم ڕێگایەوە خەریکن قسەو بەدیلی خۆیان بۆ چۆنیەتی دابەش کردنی دەسەلات و مەوقعیەت گرتن لە حکوومەتی ئایندەی عێراق و فیدراڵیەت بەیان دەکەن . ئەڵبەت من وەك کەسێکی کۆمۆنیست مخالیفی سەرجەم بیروبۆچونەکانی "مەسعود بەرزانی "م کە لەو دیمانەیەدا خستوویەتیە ڕوو . چونکە قسەکانی "مەسعود بەرزانی " بەدیلی ئێستای ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردە بۆ هەلومەرجی سیاسی عێراق و کوردوستان و ئارایشتدانەوەی دەوڵەت و حکوومەت و دەستوور وە من پێم وایە ئەو ڕێگاچارەیەی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد خەریکن جێبەدەخەن لە دژی بەرژەوەندی خەڵکی کوردوستانە . بەڵام ئەوەی کەمن لێرەدا دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم و سەرنجی ڕاکێشام لە دیمانەکەدا دوو بابەت بوو . ئەوەی وای کرد لە من کە ئەو دوو بابەتە هەڵبژێرم لە نێو سەرجەم قسەکانی " مەسعود بەرزانی " ئەوەیە کە ئەم حیزبانە وە سەرکردایەتی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد ماوەیەکی زۆر خەڵکی کوردوستان یان فریوداو دواتر بۆ ئامانجی حیزبی و سیاسی خۆیان جۆر ێکی تر ڕووداوەکان بەخەڵك دەفرۆشنەوە . سەرنج بدەن کێ هەیە ئاگادا ری ئەوە نەبێت کە هیچ کەس ولایەنێك بەقەدەر ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد بەشان و باڵای هەڵبژاردن و پەرلەمان و حکوومەتی نوێی عێراقی دا هەڵدا بێت .کەچی "مەسعود بەرزانی" دوای هەڵبژاردن ودوای ئەوەی پەنجەمۆری خەڵکی کوردوستانیان وەرگرت بۆ لکاندنەوەی کوردوستان بە عێراقەوە خەریکن قسەی تر دەکەن . "مەسعود بەرزانی " دەڵێت غەدرێکی زۆر لە پارتی کرا نزیکەی 80 تا 100 هەزار دەنگی سوتا لە هەولێر و خودی کۆمسیۆنی باڵاش دانی بەمەدا ناوە . سەیرکەن ئەم دەسەڵاتدارانە ئەم سەرکردانەی کە تەنها چاویان بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەبینێت کاتێ ئێمە ئەمانووت ئەمە هەڵبژاردن نیە, ئەمەوەرگرتنی پەنجەمۆرە و کوێخایەتی کردنە بەسەر خەڵکی کوردوستانەوە , ئەمان ووت ئەم هەڵبژاردنە نوێنەرایەتی ئیرادەی خەڵك ناکات . بەناپاك و بە خائین و پاشماوەی بەعس و چەندین قسەی ناشیرین ودژە ئینسانی وەڵامی ئێمەو ژمارەیەکی زۆری خەڵکی نارازیان دەدایەوە . بەڵام ئێستا کە تای تەرازووەکە بە جۆرێکی تر کەوتۆتەوەو ئیتر پێوویستیان بە خەڵك نیە بۆ ئەوەی دەنگیان بۆ بدەن و باسی نەزاهەت و پاکی هەڵبژاردنیان بکەن . خەریکن قسەیەکی تر دەکەن و پرۆژەیەکی تریان پێیە بە دوور لە چاوی خەڵك و ئاگادارکردنیان.بەشێکی تری قسەکانی"مەسعودبەرزانی" لەسەر ئاڵاو شەڕو کێشمەکێشێکە کە لەسەر ئاڵا ئێستا لە ئارادایە و بۆتە خاڵی ململانێی نێوان "ینك و پدك"یش " مەسعود بەرزانی "دەڵێ من تێناگەم ئێستا ئەو خەڵکە چۆن شەرم ناکەن ئەم ئاڵایە هەڵدەدەن "مەبەستی ئاڵای عێراقە" شتێکی تریش لای من فەرقی نیە ئەو ئاڵایە ی هەڵدەدەن ڕەسمی صەدامیش لە گەڵی هەڵواسن زۆر باشترە . ئەبێت خەڵك بپرسن لە کوێ ئەوان ئاڵای عێراقیان هەڵداوە ئەوە یەکێتی و پارتی بوون لە پەرلەماندا خەریکی شەڕ بوون لە سەر دانان و دانەنانی ئاڵای عێراق ئێستاش واخەریکن هەڵوێستەکانتان بە پێی بەرژەوەندیتان دەگۆڕنەوە .ئەوەی ئاڵای عێراق و بەعسی هەڵداوە هاوسەنگەرو هاوپەیما نەکانی خۆتانن نەك خەڵك . خەڵك ئاڵایەك بەموڵکی خۆی نازانێ ئەگەر تەعبیر نەبێت لە ژیان وگوزەران و ئارەزووە ئینسانیەکانی .ئەوە ئێوەن خەریکن لەسەر شەڕی ئاڵا زیندووەکان لە گەڵ مردن بەرەو ڕوو دەکەن . خەڵك نە وێنەی دیکتاتۆری وەك صەدام هەڵدەواسێت و نە ئاڵای عێراقی لا پیرۆزە ئەگەر زەحمەت نیە زوو زوو لە گەڵ " تاڵەبانی , چەلەبی ,عەلا وی , جەعفەری " کۆدەبیتەوە ئەو تەکلیفە لە ئەوان بکە.خەڵکی عێراق وکوردوستان هەر زوو وێنەی ئەو ئینسان کوژەیان تورِ هەڵداوە . زۆر سەیرە ئەم دەسەڵاتدارو سەرانی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردە هەر کارێ کە خراپ بێت دەیدەنە پاڵ خەڵك و بەناوی ئەوانەوە تۆماری دەکەن.بەڵام کەس ئاگای لێنیە لە چ بەندو بەستێکدان لەسەرژیان وچارەنووسی خەڵك بۆ گەشتن بە کورسی حوکم و شەراکەت لە عێراقی هیواو ئاشتیەکەیاندا. ئاڵای عێراق سێ ئەستێرەی تێدا بێت یان دووان هیچ لە ژیان و گوزەرانی خەڵك ناگۆڕێ . ئاڵای سووریا دوو ئەستێرەیە چیە خەڵك لەوێ زیندانی ناکرێت؟ ستەمی میللی نیە؟ سێدارە نیە؟ چەوساندنەوە و ئینسان کوژی نیە؟ ئەمانە ناتوانن وەڵام بە سەرەتاییترین پێداوویستیەکانی ژیانی خەڵك بدەنەوە. شەڕلە سەر

ئالاَ و جۆری ئالاَ شەڕە لەسەردابەش کردنی داهات و هیچ پەیوەندیەکی بە خەڵکەوە نیە . خەڵکی بنەسڵاوە ئاوی پاك نیە بیخۆنەوە , خەڵکی سەروچاوە بە لێشاو تووشی ڕشانەوەو سك چوون دە بن , خەڵکی هەڵەبجە لە چەند ڕۆژێکدا زیاتر لە 300 کەسیان کەوتنە نەخۆشخانە بە هۆی تێکەڵ بوونی زێراب و ئاوی خواردنەوەیان .

خەڵکی کوردوستان دەبێت لە نێوئەو هاوکێشەیە بێتە دەرەوەکە هەرکات دەسەڵاتداران و سەرانی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردوویستی وەك مقاش بەکاریان بێنێت .خەڵکی کوردوستان دەبێت لەنێوئەوهاوکێشەبێتەدەرەوە کە هەمیشە ستەمی میللی و چەوساندنەوەیان بکرێتە زەخیرەی جەنگی و ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد ئیمتیازی لە پشت وەرگرن و درێژەی پیێ بدەن . باشترین ڕێگا چارە لە ئەمڕۆدا بۆ کۆتای هێنان بەم هەلومەرجەو ڕێگا نەدان بە گاڵتەکردن بە چارەنووسی خەڵکی کوردوستان جیاکردنەوە ی کوردوستان و پیێك هێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی غەیرە قەومی و غەیرە مەزهەبیە .